عێراق بەم زووانە دەست بە دروستکردنی مۆزەخانەیەکی نوێ لە بەغدا دەکات



ئەمڕۆ دووشەممە، ئەحمەد فەکاک بەدرانی، وەزیری ڕۆشنبیری و گەشتوگوزار و شوێنەوار، دەستپێکردنی دروستکردنی مۆزەخانەیەکی نوێی لە ناوچەی سۆز بەم زووانە ڕاگەیاند.

بەدرانی، بەپێی ئاژانسی هەواڵی فەرمی کەموتەیع بەدواداچوونی بۆ کردووە وتی: "دەست بە دروستکردنی مۆزەخانەیەکی زێر گۆڕە دەکرێت لە ناوچەیەك کە لەلایەن سەرۆک وەزیرانەوە محەمەد شیاع سودانی، هەڵبژێردراوە"، هووینی کردەوە کە "مۆزەخانە نوێیەکە لە ناوچەی سۆز دەبێت و هووبەرەکی گۆڕەی دەبێت."

ئاماژەی بۆشکرد، کە "ئەم مۆزەخانەیە دەبێتە دووەم و دەستبەردارببوون لە مۆزەخانەی یەکەم لە ئارادا نییە"، ئاماژەی بۆدا کە "عێراق خەزێنەیەکی زێر گۆڕەی شوێنەواری هەیە و پێویستی بە زیاتر لە شوێنەك هەیە بۆ نمایشکردنیان لە بەردەم گەشتیاران و هاووڵاتییاندا."

ئاماژەی بۆدا کە "ئەم پڕۆژەیە دەگەڕێتەوە بۆ مەبەستەکانی گەشتوگوزار و ڕاکەشانی گەشتیاران بۆ بینینی شوێنەوارەکانی شارستانییەتە دێرینەکانی عێراق."